

# وەرزی سەهۆڵبەندان

رەفیق سابیر

١٩٨٧

خستنە سەر نێت:- چالاک

chalakmuhamad@gmail.com

زنجیرەی هۆنراوە : ١

مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی - لەندەن

25.-

# وەرزی سەهۆڵبەندان

ڕەفیق سابیر

١٩٨٧

زنجیرەی هۆنراوە : ١

مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی ـ لەندەن

وەرزی سەهۆڵبەندان
هۆنراوەیەکی درێژە
ڕەفیق سابیر

لەبلاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد ـ لەندەن
ئازاری ١٩٨٧
نەخشەی بەرگ هونەرمەند شێروان
دەرهێنانی هونەری هشیار عابد

بەراستی لە سەردەمێکی تاریکدا دەژیم .
کەمژەییە بە نەرم و نیانی بدوێی .
نێوچەوانی سمت و لوس نیشانەی دەبەنگییە .
ئا ئەوکەسەی پێی دەکەنێ ، هێشتا هەواڵی
مەترسی پێی نەگەیشتووە .

میر بێخت

کاتی کۆچ هات . ئێمە هەریەکەمان بەرێگای
خۆماندا دەڕۆین .
من تا بمرم
تۆش تا بژی .
بە تەنێ خوداوەند دەزانێ لەم دوو ڕێگایە
کامیان چێترە

ئەفلاتوون

بۆ

**Eka**

جارێکی دی
مەنفا ئاشقی کردەوە
مەنفا لە هەوری هەڵکێشاو
روخساری لەخۆڵ کرتەوە.

جارێکی دی
ئەڤین مندالی کردەوە،
نهێنی هەلی کرتەوە....
بەبالای تیشکا هەڵکەڕاو
رۆحی لە شەختە گیراوی
بەرێژنەی ئاگر شۆشتەوە.

# I

لەئێوارەی ئێوارەدا
نهێنی رۆحی لاسارم پەرژین دەکات
رەهێڵە ئاکاری کاڵم دەسرێتەوە
لەبناری کومان و بێ ئارامیدا
سەر بە لقی گڕ دەکەم و
خۆم بە ئەررە دادەپۆشم

سرکە هەورێ
لەناو دڵدا رێ ون دەکات
پەڵە خوێنی سەردیوار و
کەرتی مەمەڵ و
ئێوارەو
وڵات تەردەکات .

ئەم وڵاتە ئاجۆرایە
دەڵێی دەلاقەی برینە
بەسەر ئەسرینا ئەڕوانێ
دەڵێی هەوریشی تەشەنە
بەسەر ئەڕوانەی خەرندووتا هەسو سرابوو

ئایندە و بۆڵە گۆرانی لەتۆ ناچن
بیرەوەری و سەربڕین و ،
کێڵکەی بەفر و هەڵواسین و ،
خۆر ئاوابوون و نامۆییش !
چۆن ئەم مەنفا پەتایەدا ،
وەک زەردەکەڵای پاییزان ،
شۆستەکانت داپۆشیوە؟
وەک ڕەنگی تینوێتی و باران
تەمەنی خۆڵاوی ئێمەو
پەراوێزی ئاسمان و ئاسۆت تەنیوە !

ئادێ مەنفا :
بەرین و بەرینتر دەبێ !
ئادێ ئەڤین :
مەحاڵ و مەحاڵتر دەبێ !

ئەستێرەیەک دەچنمەوە ،
لەناو دڵدا پەنای دەدەم
لەبەر دەروازەی مەنفادا ،
ئێوارەیەک دادەپۆشێ کەباران و
دارستان و
بیرەوەری
بەناکە ڕەنگێ دەتەنێ !.
بەسەر هەورازی کۆمانا هەڵدەڕنێم
سەرم بەر ئاسۆ دەکەوێ ...

لەنێوانی
ئاسمانی پیرۆزەیی و قووڵیی چاوەکانتدا
ماوەو سنووری ڕەنگەکان بزر دەکەم ..
مەنفاو
بۆلێڵی ئایندەو
شتەکان فەرامۆش دەکەم .

نهێنی ڕۆحی سەرەرۆم پەرژین دەکات
دەمکاتە کێڵگەی وونبوون و
ترس و
ڕنوو..
وەك بروسکە تەرم دەکات
دەمکاتە خەڵووز و سوتوو..!

نیشتمانم !
چۆن خوو بەکاتەوە بگرم ؟
نیشتمانم !
چۆن خوو بە دەنگەوە بگرم ؟
چۆن خوو بە ڕەنگەوە بگرم ؟
نیشتمانم !
چەند جاری دی لەمەنفادا دەبێ بمرم ؟
نیشتمانم !
نیشتمانم !

*        *        *

# II

وەك هەور دەبێ بەهانە بهێنمەوە،
تا بروسکە دەستەمۆکەم ،
دەفتەری خۆڵ و ڕەهێڵە بخوێنمەوە.

دەبێ وەك هەور بەهانە بهێنمەوە،
تا ئەستێرەی کاروانکوژەو
دوندو
بنار
بکەم بە هەڤاڵ و دڵدار.

وەك هەور دەبێ بەهانە بهێنمەوە،
تا گەردوون بکەم بە لانەو ،
سنوورەکان –
وەکو زنار
– لەناو ڕۆحا بتوێنمەوە.

*　　*　　*

# III

لەتاریکی ئەم شەوەدا
چرایەك بەلقی شەودا هەڵدەواسم ..
ئەستێرەیەك دەچنمەوە
لەناو دڵدا پەنای دەدەم .
لەبەر چۆڕاوگەی ئەڤینا
گوناحە مێژووییەکانم دەشۆمەوە .
- بەسەر ئەم شەوەدا مەڕۆ !
لە گۆلاوی نامۆییدا نقووم دەبی ..
- بەسەر ئەم هەڵمەدا مەڕۆ !
لەناو کۆڵانی پاییزا عاسێ دەبی

ئەمە هەڵدێری سووتانە
نیشتمانی ئەڤین نییە.
کەپری خۆڵە.
دورگەی هەرەس و گومانە.
لە پێشوازیتا وەستاوم
وەکو تەرمێ ،
چاوەڕوانی تاتەشۆر و کفن بکات .
گومان هەراسانم دەکات
تاریکایی هەڵمدەکات
روخساری لەتەم گیراوم
وەك ولاتێکی بندەستە و بە خۆ نامۆ

دەبێتە مێرگی ونبوون و
ژان و
چەقۆ.
لە پێشوازیتا وەستاوم
نهێنی داگیرم دەکات
تاریکایی هەڵمدەکات

شازادە لەناو وەنەوزا چاو هەلدێنێ ...
لەبەر ئاوێنەی سەهۆلا ،
شاکەزی خۆی بەشانەی باران دادێنێ .
سێوەخانێ !
ئەمشەو لە گەردوونی چاوتا لەنگەر دەگرم ..
هاتووم لە ماچانت دەگرم .
سێوەخانێ !
ئەمشەو بروسکە زین دەکەم هەڵت دەگرم .

بەسەر شانی دارستاندا سەردەکەوم
چرایەك بەلقی شەودا هەڵدەواسم
لە نێوانی دوو لووتکەدا
هەورێ دەکەم بە جۆلانە ..
تاولێکی بۆ خاك و ئەستووند ،
ئەشکەوتێ
پەنادەوەنێ بە هێلانە ..
بۆ کوێت بەرم ؟
سێوەخانێ !
بەشەوی باو بۆرانێ
ناگەمەوە کوردستانێ .
– دوو دلدداری بۆ ولات
چەپەری چەقۆ دەبرن ..

دوو دڵداری یاخی و لات
لاوکی مەحاڵ دەچرن ..
دوو دڵداری بێ وولات
سەر بە جەنگەڵدا دەکەن و ئێشك لە گەردوون دەگرن
دوو دڵداری بێ وولات
دوو دڵداری
یاخی و
لات .

وەکو ئەسپێکی باڵ گرتوو بە وولاتێکا رادەکەین
کە وولاتی ئێمە نییە .
بەسەر کرێوە و ونبوونا هەنگاو دەنێین
ئەستێرەیەك
لەناو دڵدا حەشار دەدەین
چرایەك
بە لقی خەونا
گۆرانییەك
بەبالاّی قووچی ئاسۆدا هەڵدەواسین .
رەهێڵە ئاکاری کاڵم دەسرێتەوە
رێگاکان وەك دەلیلێکی نابەڵەد ، ونم دەکەن ..
سنوورەکان وەکو گەلە کورگی برسی تێم دەئاڵێن ،
پاڵم دەخەن لەسەر تاتە شۆڕی پشکۆ ،
لەپاشکۆی زێلم دەبەستن
بەرەو بیابانی چەقۆ .

بۆ کوێت بەرم سێوەخانێ ؟!
ئەم رۆژگارە :
" نەجێی فیرارانە
نەجێی ژن هەڵگرانە

نەجیبی خۆشمێرانە "(١)

سەرداری رۆحە شێتەکەم !
بۆ کوێت بەرم ؟
بۆ کوێت بەرم ؟
ئەم کەرنەڤالی کوشتنە :
بۆ ئێمەیە ؟
ئەم هەموو پەتە زبرانە :
بۆ گەردنی سەدجار رووشاوی ئێمەیە ؟
بۆ کوێت بەرم ؟
بۆ کوێت بەرم ؟
ئەمە کوولەکەی رۆحەکەم بیشکێنە ..
ئەمە دڵە ناسۆرەکەم ..........(٢)

شازادە لەناو وەنەوزا چاو هەڵدێنێ ...
شازادە لانکەی ئایندە
رادەژێنێ .

دەزانم
گیانە !
دەزانم
خۆشەویستیت : تەوقی ئەبەدی گەردنە ،
خۆشەویستیت سووتانە ....
داگیر کردنە .
بێ تۆیش سەرداری رۆحەکەم !
ژیان مەنفاو ،
مەنفایش تونێلی مردنە !

chalakmuhamad@gmail.com
خستنەسەر ئینتەرنێت: چالاک

(( ئێکا )) لەشکری تەتارە
لەشکری بەربەریستانەی
ئیسلام و تورك و قاجارە
لەناو گەردنی سەدەکانا ونم دەکات .
کودێتاو بوومە لەرزەیە
ولاتی رۆح وێران دەکات ...
(( ئێکا )) خەونێکی لاسارە
بەرەو رێی مەحالم دەبات ..

دەزانم
گیانە !
دەزانم
...............................
...............................
...............................
...............................
لە تاریکی ئەم شەوەدا
چرایەك بە لقی شەودا هەڵدەواسم ،
سەری ماندووم
لەنێوانی دوو شەپۆلا حەشار دەدەم .

جارێکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە ..
جارێکی دی
گومان داگیری کردەوە ..
لەنێوان کانی و سەرابا
سەری بە دارستان کردو
قوڵەکانی ،
بەسەر مەحاڵ و مێژوودا شۆر کردەوە.

*　　*　　*

# IV

وەرزی جەنگەڵ هات !
وەك رەوە دووكەڵ داگیرم دەكات ..
لەناو بولێڵی بێ كۆتاییدا
سەرەرۆم دەكات
لەرووی سەراب و
شەپۆلی خۆڵ و
بیرچوونەوەدا
ئاواڵەم دەكات ..

وەرزی جەنگەڵ هات !
لە ئێوارەدا ،
بەسەر هەرێمی رۆحا دادەكات
وەرزی جەنگەڵ هات !
وەرزی جەنگەڵ هات !
وەرزی جەنگەڵە، بەرەو ونبوون و هەڵەتم دەبات
رۆحی بەر رێژنەم ، وەك چرای بەربا
وەك هەوارێكی ژێردەستە و تەنیا ،
بەترس و هەرەس كەمارۆ دەدات !

وەرزی جەنگەڵە ؟
دەمکاتە کێڵگەی تینوێتی و سوتوو،
یان شارستانی چرە دووکەڵە ؟

هۆ نسۆی مەرگ و خەونی بەمەیی !
لەم جەنگەڵەدا
هەڵمتەکێنە ...
رۆحی هەڵۆەدام -
بۆ تاکە ساتێ
- بەرۆح بچوێنە !

بەخۆتم بگرەو
بەسەرەڕۆیی و راستیم بچوێنە !
لەپاڵ بروسکەو
تەرمی مێژوودا ، دامبگیرسێنە !

وەرزی جەنگەڵ هات !
داگیرم دەکات
لەرووی سەراب و
بیرچوونەوەدا ئاوالەم دەکات
وەرزی جەنگەڵ هات !
وەرزی جەنگەڵ..!
وەرزی .....

* * *

# V

بەرەو سنوورەکان دەڕۆم
تاڵە خوێنێ
وەکو مار بە دواما دەکشێ ..
پەڵە هەورێ
لە پێیەکانم دەئاڵێ .
بەرەو سنوورەکان دەڕۆم
بالام لەسەر دارەبەنێ هەڵدەکوڵم ،
ڕۆحم لەسەر زنارێ .

لەکوێرا تێ هەڵچینەوە ؟
دەبێ چەند جەنگەڵ و لووتکەو سنوور ببرین
تا ئەم ئاسمانە لە پێستمان بکەینەوە ؟
دەبێ چەند جار لە کوژرانا رابینەوە؟
تا شوێنەواری ونبوون و
رمب و
مەنفا و،
شوێنەواری قامچی و زنجیر بسرینەوە ؟
لە بیابانێکی تەنگا
سەرابێ پەلەکێشی کردم ...
جۆگەڵەی لم رژایە ژووری دڵمەوە،

تینوێتی ڕێی لێ ونکردم .
لێم گەڕێ با لەپەنا ئەم کەلاوەڕا
پەڵە هەورێ
بەرەو ئەودیو تلێ کەمەوە !
با سەرەتایەك بۆ برین ،
مانایەك بۆ دادپەروەری
بدۆزمەوە .
پاڵمان بە گزینگەوەدا
شەپۆلی گەرد ونی کردین ..!
پاڵمان بە دوکەڵەوەدا
گژەبا داگیری کردین !

بۆ تەمەنمان ؟
تەنیا ماف زەوت کردنە . .
خەوبینینی بەردەم پەتی سێدارەیە ،
ساتی چاوەڕێ کردنی
دەسرێژو کەوڵ کردنە
با ئەم تەمەنە گوشراوە لە ناو خوناوا بچێنین !..
ڕۆژەکانمان
لە ناو ونبوونا هەڵکەین و،
ڕۆح بە ژیلەمۆ رابێنین .
با ئەم تەمەنە دۆشراوە
ساتێ بەگەرداو بچوێنین !

بەسەر مەرگ و تەرمي خۆما هەنگاو دەنێم
سێبەرەکەم
ڕێم پێدەگرێ ،
تاڵە خوێنێ
وەکو مار بەدوامدا دەکشێ .

لەپاڵ بناری ئاگرا
پشتم لەگەڵ تاشەبەردێ جووت دەکەم و
چاودەبرمە ئەو ئاسۆیەی بۆنی تۆی لێ دێ .
بروسکەیەك
دەرزی دەخاتە ئاسمان و
لەسەررا
ئاسۆ دەقڵیشێ .
وەکو منداڵێکی تۆقیو سەر بەکۆشت دا دەکەم و،
روخساری زەرد هەڵگەراوم
بە شاکەزی باراناویت دادەپۆشم .

چۆن بەم کوژرانە رازی بووین ؟
لە دوای خۆمان ،
شوێنەوارێکمان جێ نەهێشت لەسەر کێڵگەی ئەم بارانە ..
شەتڵی گۆرانیمان نەچاند
کەپرێکمان نەکرد بە نسێی ئەم سووتانە !
تەلبەندێ بە پاسەوان و
هاودەمی ئەم گۆرستانە !
چۆن بەم سووتانە رازی بووین ؟
لە دوای خۆمان ،
هاوارێکمان لەسەر لووتکە نەکرد بە ئاڵاو نیشانە ،
مانگ بە شایەتی زەمانە !
چۆن بەم کوژرانە رازی بووین ؟
چۆن بەم سووتانە
رازی بووین ؟ (٣)

لەپلام لە وێرانەی رۆحا شەتڵەکان ئاورشێن دەکات ..
تەمی سەر پەنجەرەی دڵ و
ترسی سەر رووم دەسرێتەوە.

تەمەن بەگر بەرژین دەكات .

تۆ هەر سەرداری ئەم رۆحە داگیرساوەی !
بەستەی ئەم گەرووە نوساوەی .
تۆ هەر خەونە لاسارەكەی
ئەم شاعیرە راونراوەی ...
تۆ هەر سەرداری ئەم رۆحە هەڵۆاسراوەی !

وەكو ئەسپێكی باڵ گرتوو بە وڵاتێكا رادەكەین
كە وڵاتی ئێمە نییە .
لەنێوانی دوو لوتكەدا
هەورێ دەكەین بە جوڵانە ..
تاوڵێكی بۆ ئەستووند و خاك ،
ئەشكەوتێ
پەنادەوەنێ بە هێلانە ،

وەكو ئەسپێكی باڵ گرتوو لەبەر بارانا رادەكەین !
بۆ كوێت بەرم سێوەخانێ ؟
بە شەوی باوبۆرانێ
ناگەمەوە كوردستانێ .!

لە كوێرا تێ هەڵچینەوە ؟
چەند جاری دی
داستانی جوانەمەرگیمان بچرینەوە
تا ئاسمان لە نیگا و پێستمان ،
خوێن لە لوكە
پەت لە گەردن

تەم لە لوتکە
چەقۆ لە زام بکەینەوە !

چەند جاری دی ؟
بە بروسکەدا سەرکەوین ، بە سووتانا بێینە خوارێ
بالآمان لەسەر دارەبەن هەلکۆلین و
وکەرووما‌ن لەسەر هاوارێ !
چەند جاری دی ؟
لە کەرنەڤالی هەرەسا رابینەوە..
چەند جاری دی ؟
بەسەر ڕێکای سەربڕینا بچینەوە..
چەند جاری دی ؟
چەند جاری دی ؟
کوردستانم !

کە چووینە ژێر ئەم کەیرەوە
هێشتا مێژوو سەرابێ بوو
ئاشقانی خۆی ون دەکرد ..
کە چووینە ناو ئەم هەورەوە
هێشتا مێژوو بارانێ بوو
بەسەر زۆنگاوا دایدەکرد..
یان نۆکەرێکی خەسیو بوو
کەمەی لەگەڵ لەش و لاری شاژن دەکرد .
هێشتا مێژوو جەنگەڵێ بوو..
..............................
..............................
..............................
..............................
..............................

هێشتا مێژوو چڵکی دەست بوو ..
مێژوو بێژووی سیاسەت بوو ..
هێشتا مێژوو...

لەپاڵ ئەم هەڵەمووتەدا
بەسەر کرێوەو زنارا هەنگاو دەنێم .
لەسەر لەپی دەستەکانم
نهێنی خۆی دەکاتەوە .
بروسکەیەك تەرم دەکا و
دەمکات بە نسۆی بیابان
رەشبگیری هەڵمدەکاو
بەزەبری شەق دەمکا بە چەتە ،
کۆرهەڵکەن
رێگر
حوشتر خۆرکە
زێوان
یاخی
کەنناس
ئاژاوەچی
تورکی شاخی
حەمباڵ
پیاوکوژ
گورگ ...هتد
دەمکا بە هاوجووتی تاوان .!!
ـ ئەمانە کێن بەم ناوەختە
خەو لە چاوی ئاوایی و منداڵان دەدزن ؟
+ " بەربەریستان بۆ دوا نوێژ خربوونەوە ..
بەدوەکانن بە زەبری شمشیر خزاونە ئاوایییەوە "(٤).
ـ ئەمانە چین ..؟ کام درندەو جانەوەرن ؟
کوریە لە ئامێزی دایك و

ماچ لە لێوی دڵدار دەدزن !!

+ شرە خۆرو

ساقەل شۆڕ و

دەلینگ فش و

قەرەبەیاخن

سەر لەنوێ بە قەڵغان و شمشیرەوە

پێش دەرگەیان پێ گرتووین و

بۆ باج و

زەکات و

تالآن

هاتوونەوە ..

بەدوەکانن شاکچانمان زەوت دەکەن ..

بەربەریستانن بۆ دوا نوێژ

خربوونەوە !.

ڕەهێڵە ئاکاری کاڵم دەسڕێتەوە ..

هالآوی خوێن هەڵم دەگرێ و

نیگاکانم دەچنێتەوە ..

لە بناری سووتان و بێ ئارامیدا

سەر بە لقی گڕ دەکەم و

خۆم بە تەرزە دادەپۆشم .

بۆ تا ئێستاش

ئاینده و سەروەری خۆتان لە هەڵواسینما دەبینن ؟

بۆ تا ئێستاش

شارستانی و مێژووی خۆتان لە دیلیەتیما دەبینن ؟

بۆ تا ئێستاشی

ئەخلاقی دۆڕاوی خۆتان

لە سەربڕینما دەبینن ؟!!

بۆ تا ئێستاش ؟!

لە کوێرا تۆ هەڵچینەوە ؟
چەند جاری دی
داستانی جوانەمەرگیمان بچرینەوە ؟
چەند جاری دی
لە کوژرانا راپینەوە ؟
تا شوێنەواری ونبوون و
شوێنەواری بەربەربستان بسرینەوە .
لە کوێرا تۆ هەڵچینەوە ؟

ئێوارە بوو ..
کاتێ هاتین ئەم زەمانە
لە جەنگەڵدا داگیرسابوو ..
ئەم زەمانە
بە سەر کێلی منارەدا هەڵواسرابوو..
کاتێ هاتین ئەم زەمانە
قامچی دەستی زۆرداران بوو ..
کاڵای بازاری سەرمایەو
دەستکەلای دەستی تاوان بوو ..
کاتێ هاتین
ئێوارە بوو !

لە بیابانێکی تەنگا
سەرابێ پەلکێشی کردم ،
جۆگەلەی لم
رژایە ژووری دڵمەوە
تینوێتی ، داگیری کردم .
ـ " کاکە "(٥) چەکەکە لە شان کە !...
" کاکە " بروسکە لە شان کە !...

ئاوازێ لەو بنارەرا ، بە هێمنی ، بە سەر رۆحا دێتە خوارێ . ئاوازی چالاسی و لۆچی روخسارم پردەکاتەوە . مووە سپییەکانی سەرم ، سەر لەنوێ ، رەشدەکاتەوە . دەمکا بە ئاشق ، بە منداڵ ، لە باوەشی ونبووی دایکما تاوێ گەرمم دەکاتەوە .

(( کە لە دایك بوو
دایە رووتێتی کردە بەر کۆرپەی ...
مەمکی برسێتی نایە دەم کۆرپەی ...
بەسەر پێیان کەوت
دایە پێخاوسی کردە پێی کۆرپەی ...

لەشەودا ماوەکان دەنوون
سنوورەکان دەتوێنەوە .

لە پاڵ ئەم هەڵەمووتەدا
بەسەر مەرگ و تەرمی خۆمدا هەنگاو دەنێم ...
ئەستێرەیەك دەچنمەوە
لەناو دڵدا پەنای دەدەم .
لە کەرنەڤاڵی سووتانا
رێژنە هەڵم دەکاتەوە ،
مەنفام لە بیر دەباتەوە ،
بەرەو (( بەردە قارەمان )) و
سلێمانی و
مەهابادو
گۆمی وان و
کەلاوەکانی قەڵادزێم دەباتەوە .
رێژنە هەڵم دەکاتەوە ،
قۆڵەکانم دەکا بە کەپری توورەیی و
بە بروسکە دەمشواتەوە ..

# VI

لەم هەرێمە بەردینەدا
بەسەر کەلاوەی مێژوودا هەنگاو دەنێ ..
دار بەروو دەکات بەزرێ ،
وەك بروسکە
لانکەی گەردوون رادەژەنێ ..
وەکو هەورو پۆلە گزینگ
سنوورەکان دەسرێتەوەو
ماوەو دوندەکان دەتەنێ

داربەروو دەکات بەزرێ ..
بۆ نەوەکان ،
لاوکی یاخی بوون دەچرێ .

*          *          *

# VII

پەڵە هەورێ بەسەر ئەم خاکە سوورەدا تێدەپەڕێ ، من روخسارم بە شەپۆلێك دادەپۆشم . خەو بە وڵاتێکەوە دەبینم کە وەك رەنوو هەرەس دێنێ . سەرم دەخەمە نێوانی دوو رەگی تینوو ، تا چەپکێ نهێنی بچنمەوە . چۆن بەبێ تۆ بەم کۆچ کردنە رازی بووم ..؟! ئەم بروسکە وێڵ و شێتە لە کوێرا هات ؟ شرە لێفەی تاریکی لەسەر هەڵگرتین ، لەبەر چاوی دۆست و دوژمن ریسوای کردین !.

لەم بنارە چڕەدا ، بەسەر مەرگی خۆمدا هەنگاو دەنێم . ئاگرێ لەسەر بالای باران دەکەمەوە تا خەو لە چاوی حەقیقەت و گەردوون بدزم . منالانی رووتە و بێ خواس بە تولەرێیەکەی ئەوبەردا هەڵدەگەڕێن ، " ئەی رەقیب " و سروودی ئینتەرناسیۆنالیزم دەڵێنەوە . لەم بانرە چڕەدا هەنگاو دەنێم ، بە جووتە بازووی رووشاوم ئاسۆی خۆڵاوی و ژێردەستە دادەپۆشم ، تا ئالاکەم وەکو بەیان لەسەر لووتکەی خۆڵەمێش و ، وەکو ئاشتی لەسەر کەلاوەی مێژوو هەڵکەم .

ئێمە چیمان لە زەماوەندی جەجاڵ و گورگ داوە ؟
بۆچی لەم کاروانسەرایە
رەشماڵی زاممان هەڵداوە ؟
هەموویان سەروەری خۆیان
لە هەڵواسینما دەبینن ..
هەموویان سیرەم لیٚ دەگرن ،
بوونی خۆیان
لە نەبوونمدا دەبینن .

گیانە !
ئەمە چ زەمان و جەنگەڵێکە ؟!
گیانە !
ئەمە چ سەردەم و سەگوەرێکە ؟!

هۆلاو...لاوۆ.....هۆلاوۆ !
تاکەی بە کیی تاوێری ئەم برینانەت هەڵدەگری ؟
تاکەی لە رووی کارەسات و
دیلی و
گلانی مێژوودا هەڵیان دەبری ؟
گەر ئەم برینانەت تابلۆن
بۆ لە چوارچێوەیان ناگری ؟!
ئەگەر ئەسپن
لغاویان کە !
ئەگەر هەورن ، یان سامالن
ئاسمانێکیان بۆ پەیدا کە !
گەر خەرمانن ، یان رەشماڵن
بستێ خاکیان بۆ ئازاد کە !
گەر شازادەن
شۆرەسواریان بیٚ ئاشناکە !

لە كوێرا تێ هەڵچینەوە ؟
چەند داستانی جوانەمەرگی و
چەند لاوكی سوورمان چڕی ؟
سنووریكمان
لە نێوان مەترسی و خەونا نەسڕیەوە .
چەند هەرەس و
دەسرێژ و
لووتكەمان بڕی ؟

جیاوازیمان
لەنێوان تۆر و ماسیدا
لەنێوان بەت و گەردندا
نەدۆزیەوە .!

لەپاڵ سەرمای بناریكا سەر بە نەرمە بەردێ دەكەین ، وەك داربەرووی دنیادیدە بە دامەنی مژو گەرد خۆمان دادەپۆشین.
دەمانەوێ كەژاوە بۆ وڵاتێ سار كەین ، كە لەمەنفادا وەك ڕەنوو ، هەرەس دێنێ ...
دەمانەوێ نهێنیەك زین كەین ، كە دەمان كات بە پۆلە گەردێكی تینوو لە گەردوونا دەمانچێنێ ....
دەمانەوێ مانایەك بە ئایندە و شتەكان ببەخشین ..
دەمانەوێ ....
دەمانەوێ ....
كەچی لەپڕ دێن و گەمارۆمان دەدەن ، شەوەكەمان بەشی خەوبینینێ ناكات . سەر لەنوێ برینەكانمان بە نیشان دا دەكەنەوە ، سەر لەنوێ بە خوێنی كاڵمان ڕووبارەكان دەشۆنەوە .

گیانە !
ئەمە چ زەمان و جەنگەڵێكە ؟!
گیانە !
ئەمە چ ئەخلاق و سەردەمێكە ؟!

هۆلاوۆ !
لاوۆ !
دەلاوۆ !
چۆن بەرگەی ئەم وەرزە دەگری ؟
تاکەی بەرێگای مەنفادا
تاوێری ئازار هەڵدەگری ؟
چەند جاری دی ؟
لە رووی مەرگ و
ئاژاوە و
وەرزی جەنگەڵا
برینەکانت هەڵدەبری ؟
هۆلاوۆ !
لاوۆ !
دەلاوۆ !

ئەوێ شەوێ ، بەشەکەتی لە شارەوە گەراینەوە ، کرێوە رێی لێ ونکردین ... برسێتی بەرەو بنارێ هەڵی گرتین . بەقونداخی چەکەکانمان ، بەپاژنەیێی قوراویمان دەرگای کەوێڵێکمان کوتا . مندالێکی رووتەو بێخواست ، قژهەنگوینی ، دەرگاکەی لێ کردینەوە . هاواری کرد :

- پیاوکوژینە !
ئێوە نەبوون بابو کوشتم ؟!
لەسەر چی بوو
بابو کوشتم ؟!
پیاوکوژینە !!

مندالێکی سوورەی چاوشین ، قژ هەنگوینی نەیناسین و دەری کردین ... بەدەم هەنسکی ژانەوە ، چەند جنێوێکی پێ داین و چەنگە تفێکی لێ کردین .

مندالێکی سوورەی چاوشین ، رووتە و پێ خواست نەمانزانی کوری کام کەلە پێشمەرگەی جوانەمەرگ بوو .. نەمانزانی بۆچی باوکیمان کوشتبوو ! بەلام بەراست ، ئێمە باوکیمان کوشتبوو ؟!

کێ ئەم گرەی
لەناو رۆحمدا کردەوە ؟
کێ بە خوێنم
روبارەکانی شوشتەوە ؟
خەونە کاڵەکانمی دزی و
زامەکانمی بە نیشانە داکردەوە ؟
کێ بە خوێنم
بنارەکانی شوشتەوە ؟!

هۆ پەڵە هەوری کوێ بنار !
هۆ تینوێتی و لوتکە و روبار !
ئەمشەو پۆلێ تەرمی بێ ناز میوانتانن
ئێشکچی خەونەکانیان بن .
رێگا نەدەن جارێکی دی
بەربەریستان زامەکانیان بکولێننەوە .
تا بە تەنیا جێ نەمێنن .
بەرەبەیان
توخوا ! خوناو رشێنیان کەن ،
بە پەلکەزێرینە و گزنگ دایانپۆشن !
هۆ چۆلەکەو لوتکەو هاوار !
هۆ تینوێتی و لم و زنار !
ئێوە پیاوکوژان دەناسن .
تەنیا ئێوەن
بە شایەتی مێژوو دەشێن ..
ئیوەن پیاو کوژان دەناسن .

ئێمە چیمان لە زەماوەندی جەجاڵ و گورگ داوە ؟
بۆچی لەم کاروانسەرایە
رەشماڵی زاممان هەڵداوە ؟

گیانە بۆچی
خەنە بۆ بپرچی رشکاوی دەگرینەوە ؟
گیانە دیسان
بەسەر ریگای پشکۆ و مینا دەچینەوە .
چۆن نازانی !
"چۆن نازانی
والەکن ئەو دێمۆیە وشکانە لەدەریا نییەباس "
لەکن ئەم کۆلکە سۆفییانە لەئاینده نییەباس "(٦)

هۆ لاوۆ ... لاوۆ ... دەلاوۆ !
تاکەی بەکیی تاوێری ئەم برینانەت هەلدەگری ؟
چەند جاری دی
لە تاریکایی جەنگەلا هەلیان دەکەی ؟
چۆن بەرگەی ئەم وەرزە دەگری ؟
هۆلاوۆ !
لاوۆ !
دەلاوۆ !
چەند سەدەیە ؟ خۆیان لە کەولی مەر ناوە .
چەند سەدەیە ؟ بە ماکیاج و
ماسك و
تارا
روخساری خۆیان سواخ داوە .
چەند سەدەیە ؟ کولە شمشێر و
خەنجەر و
قینی چینایەتی خۆیان
لەژێر تاجە گولینەدا حەشار داوە !
چەند سەدەیە ؟ بۆ تۆ خۆیان
لە سەنگەر و
کەمین ناوە .
ئاخۆ دەکرێ ؟ دوای ئەم هەموو هەرەس و سووتانە ،

بپرسین بۆ هەمووتان سێرەم لێ دەگرن ؟
هەمووتان سەروەری خۆتان لە سەربرینما دەبینن ؟
دەلاوێ .... لاوێ .... دەلاوێ !
تاکەی بەکیی خەرمانەی ئەم ئازارانە هەڵدەگری ؟
چەند جاری دی ؟
لەرووی مەرگ و
ئاژاوە و
وەرزی جەنگەڵا
برینەکانت هەڵدەبری !

هۆلاوێ ...لاوێ ...هۆلاوێ !
تادێ مەنفا بەرین و بەرینتر دەبێ ..
تادێ ئەڤین مەحاڵ و مەحاڵتر دەبێ ..
تادێ برین قووڵ و
قووڵ و
قووڵتر دەبێ .

نیشتمانم !
لەکوێرا هەڵچینەوە ؟
چەند جاری دی
داستانی جوانەمەرگیمان بچرینەوە ؟
چەند جاری دی
لە کەرنەڤاڵی هەرەسا رابینەوە ؟
نیشتمانم !
چەند جاری دی
بالامان لەسەر شەپۆلان هەڵکۆڵین و
گەروومان لەسەر هەوارێ ؟
چەند جاری دی
بە بروسکەدا سەرکەوین
بەسووتاندا بێینە خوارێ ؟

نیشتمانم !
چۆن خوو بە کاتەوە بگرم ؟
نیشتمانم !
چۆن بەتەنیا کێڵگەی چەقۆ و جەنگەڵ ببڕم ؟

نیشتمانم !
چەند جاری دی
زامەکانم لەڕووی مێژوودا هەڵبڕم ؟
چەند جاری دی
لە مەنفادا دەبێ بمرم ؟!
چەند جاری دی
نیشتمانم !
نیشتمانم !

*      *      *

# VIII

بەسەر شانی بروسکەدا سەردەکەوم ،
لە دیاردەکان ورد دەبمەوە ،
سەرم بە زریان دەسپێرم ...
لەپاڵ دورترین دوندەوە
رۆژەکانم ، وەکو تاوێرێکی تۆقیو ،
بەرەو بناری ئایندە هەڵدەدێرم .

•

بەسەر شانی دارستاندا سەر دەکەوم
سەرم بە شمشێر دەسپێرم !
بەناو لێڵایی گومان و هەورێکی لەنگەر گرتوودا
رۆحی سرك و بێ سێبەرم ،
بەرەو دۆڵی بێ کۆتایی هەڵدەدێرم .

* * *

# XI

سەر بە سینگی قوپاوم کە !
با هەناسەیەکی پاك و قووڵ هەڵکێشم .
من دەمەوێ
لەناو خەونی وەنەوشەیی و ئاڵی تۆدا
تابلۆی ولات
بە رەنگی ئاوی بکێشم .

سەر بە رۆحی هەستاوم کە !
تا بتبینم ..
تا بۆ ساتێ ، لەناو خەونی مندالانەو کاڵی تۆدا ،
ولات لە ئامێز بکرم و
لانکەی ئاینده راژەنێم ..
دەستی توورەم
لەرووی سەردەمدا هەڵبپرم ،
خۆم بە بروسکە بچوێنم .

گیانە ! ئەمشەو تا بەیانی دەرگای رۆحم لەسەر پشتە ، با هەموو زۆردارانی مێژوو تەراتێنی تێدا بکەن ... با سەگە بەرەڵا و باڵندە بێ لانەکانیش لەناویا ئارام بگرن . لەم نیوەشەوەدا زۆرداران و گەردو مژی هەموو سەدەکان خۆیان بۆ بناری رۆحم دەکوتن و لەپاڵیا دەحەسێنەوە . دەزانم بەرەبەیان وەك پیاڵەی مەیخانە ، وەك رەبیەیەکی تەپیو، بەتەنیا جێی دەهێڵن . دەزانم ! هەرتۆ سەرداری ئەم رۆحە داگیرساوەی .... بەستەی ئەم گەرووە نووساوەی ... هەمان خەونە لاسارەکەی ئەم شاعیرە راونراوەی .

لەو هەورازەوە مردن، وەك سوارێکی رەشپۆش، شۆردەبێتەوە... وەك پۆلی تەم لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵدەنیشێ و شەوباشم لێ دەکات . من خۆمی لێ نەناس دەکەم . هێشتا گۆرانییەکەم تەواو نەکردووە .. چاوانی لەپلام نەکردۆتە خەو... هێشتا وەڵامی نامەی دۆستانم نەداوەتەوە .

دەزانم مێژوو هێشتا جەنگەڵە ، یان تەوێڵەی زۆردارانە . کەچی ئەمشەو بۆ دووەمین جار بروسکە زین دەکەم و هەڵت دەگرم . بۆ دووەمین جار داربەروو دەکەمەوە زرێ و، بەبازووی پرۆلیتاریانەم ئاسۆی خۆڵاوی و ژێردەستە دادەپۆشم، ئاڵاکەم وەك بەیان لەسەر دوندی خۆڵەمێش و، وەك ئاشتی لەسەر کەلاوەی مێژوو هەڵدەکەم ... وەرزێ دەکەمە نۆماڵ کە زەیستانە .. لەناکاو بروسکە تەرم دەکات ، لە ئاسمانی وەنەوشەپیرا بەسووتاندا دێمە خوارێ . تەنیا رێکەوتێکی رووت بوو، کە بە دەستی پێشمەرگەیەکی رووتەڵەی شیعرپەروەر شەهید نەبووم . تەنیا رێکەوتێکی رووت بوو ، کە تۆ وەك گوڵلەیەکی وێڵ لەناو دڵما گیرسایتەوە .. تەنیا رێکەوتێکی رووت بوو ....

دەزانم
گیانە !
دەزانم
ئەم هەوارە." هەوارێکی چ بێ هاوارە بێ تۆ !"(٧)
دەزانم
گیانە !
دەزانم
ئەم زەمانە ، زەمانێکی چ بێ ئامانە بێ تۆ !
دەزانم
گیانە !
دەزانم
دوو دڵداری بێ وڵاتین
چەپەری چەقۆ دەبڕین
دوو دڵداری یاخی و لاتین
لاوکی مەحاڵ دەچڕین
دوو دڵداری رۆژهەڵاتین
ئاڵای برین هەڵدەبڕین
سەر بە جەنگەڵا دەکەین و
ئێشك بەکەردوون دەکرین
دوو دڵداری بێ وڵاتین
دوو دڵداری رۆژهەڵاتین

با ئەم هەورانە هەر رەت بن دەنکە لمێکی سووتاوی کەناری دڵم تەڕ نەکەن . با جاش و بێزووی هەرەس و فڕۆکە هارەکان ، ماچی لێوانمان بدزن و بەتەنیا لەناو کەلاوەدا جێ بمێنم . دەزانم کە ئەم شانۆیە - لەناکاو - خۆی بێچایەوە دەبێ شوشە بەتاڵەکان کۆ بکەمەوە ... دەبێ ئەم ناوە خاوێن بکەمەوە ... یان دەبێ سەرلەنوێ لاوکی جوانەمەرگی بچڕمەوە ، بەدەستی خۆم ملم بەرەو پەتەکە هەڵببڕم .. دەبێ بە دەستی لەرزۆکم ، خەنجەرەکە لەناو دڵما نقوم بکەم .

ئەو كاتە تویش ، هۆ ( مادۆنا رەشپۆش)ەكەم (٨) !
بەتەنیا گالیسكەی نەبوون رادەكێشی ... جوانە مەرگیم بە
فرمێسكان دەشۆیتەوەو، ژیان لە خم هەڵدەكێشی .

دەزانم ... گیانە ! دەزانم
بەڵام خۆشم دەوێی !
دەزانم
گیانە !
دەزانم
بەڵام .......

ئەمشەو هاتووم لەپاڵ پشكۆی بەربارانداً ،
بۆ چاوانی وەنەوشەییت ،
گۆرانی لاساری دەچڕم ...
لەناو سەكوەڕ و تاواندا
بۆ بەرۆكت
چەپكێ ئەستێرە دادەگرم ..
سەرم دەكەم بە كەژاوەی نهێنییەكان
ئاڵای بروسكە هەڵدەبڕم ..
لە بیابانی سەهۆڵا ،
لەنێوان هاژە و شەپۆلا
چرایەك بە بەژنی - با - دا هەڵدەواسم ،
لەگەڵ تۆ :
رێی نەهات دەبڕم .

جارێكی دی
ئەڤین مندالی كردەوە ..!
لە تاریكی سەدەكانا
نهێنی هەلی گرتەوە ،

لەنێوان کانی و سەرابا
چرای گومان و مەحاڵی هەڵکردەوە ...
بەباڵای تیشکا هەڵگەراو
ڕۆحی تینووی بەریێژنەی ئاگر شۆشتەوە .
جاریکی دی
ئەڤین منداڵی کردەوە...
سەری بە سنگی دەریا کرد ،
قوڵەکانی
بەسەر ئایندەو مێژوودا شۆڕ کردەوە .

نیسان - ئابی ١٩٨٦

# پەراویزەکان

١- لە بەیتی فۆلکلۆری " سیوەخانێ " وەرگیراوە .
٢- چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم
چۆن بەناو سەگی سنوور و
مین و
کەمین و
تەڵبەندا
دەربازی کەم ؟
بەکام قاسیدی بسپێرم ؟
چۆن ئەم دڵەت بۆ بنێرم ؟
٣- من رازی نەبووم :
کە هەڵیان گرتی !
من رازی نەبووم :
داگیریان کردی !
من رازی نەبووم :
کە چەکیان کردی !
وەکو کالایەك هەراجیان کردی !
من رازی نەبووم ..
من رازي نەبووم ..
٤- ئەم دوو دێرە ، بەکەمێ دەسکارییەوە ، لە هۆنراوەیەکی شاعیری ناسراوی عیراق سعدی یوسف وەرگیراوە ، کە دەڵێ :
" البرابرة استجمعوا للصلاة الاخيرة أربابهم (...)
بداة دخلوا القرية بالسيف "
بروانە : سعدی یوسف قصائد اقل صمتا، دار الفارابي ، بیروت ١٩٧٩ ، لاپەرە ٥١ ، ٦٣

٥- کاکە : لە کوردەواریدا بۆ بانگکردنی برا گەورە بەکار دێ ، بەلام عەرەبەکانی عیراق ، زیاتر لە لووت بەرزی شۆفێنییانەوە ، هەر کوردێ بە کاکە بانگ دەکەن ، هەر وەك چۆن فەرەنسیەکان ، لە رۆژانی داگیرکردنی جەزایر هەر عەرەبێکیان بە " محمد " بانگ دەکرد .

٦- دێرە هۆنراوەیەکی نالییە .

٧- دێرە هۆنراوەیەکی نالییە .

٨- مادۆنای رەشپۆش - مەبەست لە خاتو " نینۆچاقچەقادزە Nino Chavchavadze " بە هاوسەری شاعیری نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمی گورجستان " ئەلیکسەندەر گریبەئیدۆف Aleksander Griboedov " کە دوای جوانەمەرگ بوونی شاعیر ، خەلکی ناوی مادۆنای رەشپۆشیان لە ژنەکەی نا .

# فەرهەنگۆك

بەلەد : شارەزا ، نابەلەد : ناشارەزا
بێ ئارامی : پەشێوی ، قلق (ع)
بێ کۆتایی : اللانهائي (ع)
پەتا : تاعوون
تۆقیو : ترساو زەندەق چوو .
تێ هەلچوونەوە : دووبارە دەست پێ کردنەوە
چرین : گوتن - گۆرانی دەچرم : گۆرانی دەلێم
حوشتر خۆرکە : جۆرە گیایەکە لە بیابان دەروێ
خۆشمێر :
خوناو : ئاورنگ ، شەونم .
دارەبەن : دارقەزوان
دەلاقە : پەنجەرە
دەسکەلا :
دوند : ترۆپکی شاخ ، لوتکەی لوتکە
رمب : رم ، سهم (ع)
زرێ : درع (ع)
زنار : گاشەبەرد ، تاوێری زل .
زۆنگاو: گۆلە ئاوی وەستاو ، گۆمی وەستاو کە بۆگەنی کردبێ
زیل : لۆری سوپایی ، کامیۆنی سوپایی .
زیوان : ئێشکچی گۆر .
سرك : تۆر ، دەستەمۆ نەکراو ،
سێرە : سەری لولەی تفەنگ کە بە هۆیەوە نیشانە دەگیرێ .
شێرەگرتن : نیشانە لێ گرتن .
شەکەت : ماندوو هیلاك .
کالا : سلعة (ع)
کەرنەقال : ئاهەنگی پر لە شلیی و لۆغان .

کەزی : بسك - شاكەزی : شابسك .
ئەو كەسەی شەقام و كوڵان گسك دەداو خاوێنی دەكاتەوە .
گەرداو : باوبوڕان .
گژەبا : بای توند .
لاسار : بزێو ، عەجوول ، سەرەڕۆ .
لۆژیك : لۆجیك ، منطق (ع) .
مادۆنا Madonna : مریم العذراء(ع) .
ماوە : مەسافە .
مەسڵەت : رێكەوتن و ئاشتبوونەوەی دوای دوژمنایەتی .
مین : لغم ، الغام (ع) .
هاوجووت : هاوسنف ، هاوتا .
هەڵەت : هەڵەمووت ، جێگای هەرە عاسی شاخ .
هەڵوەدا : سەرگەردان .

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

بەرهەمە شیعرییە چاپکراوەکانی شاعیر :

* پشکۆکان دەگەشێنەوە ١٩٧٦
* ڕێژنە ١٩٧٩
* سووتان لەبەر باراندا ١٩٨٦

**Kurdish Cultural Centre**

Poetry Series: No. 1

# The Season Of Frost

by

Rafeeq Sabir

London 1987